# جەنگی ئیسرائیل بۆ سەر حزبوڵڵا و لوبنان
# کـــێ دۆڕاوە و کـــێ براوەیە ؟

عارف کەریم ـ ستۆکهۆڵم

لەدوای سەرهەڵدانەوەی دۆسێی ئەتۆمیی ئێران و تەنگەتاوکردنی ئێران لەلایەن ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپاوە سەبارەت بە ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم ، ڕۆژی 2006/08/12 چەکدارەکانی حزبوڵڵای لوبنان توانییان 2 سەربازی ئیسرائیل بە دیل بگرن و ژمارەیەکیشیان لێ بکوژن و بریندار بکەن . ئەم کارە بووە هۆی لەخۆبایی بوون و لوتبەرزیی حزبوڵڵا و ڕەهبەرەکەیان ( حەسەن نەسروڵڵا ) و وا تێگەیشتبوون کە ئەوان ڕۆڵەو نوێنەری نەتەوەی عەرەبن و ئیتر هەموو وڵاتانی عەرەب و ئیسلام بۆیان هەڵدەستنە سەرپێ و پشتگیری و دەستخۆشی لەوان دەکەن و چەپڵەیان بۆ لێدەدەن ، کەچی بە پێچەوانەی ئەمەوە ، هەر لە ڕێوە وڵاتانی سعودییە و میســـر و ئەردەن کارەکەی حزبوڵڵایان مەحکوم کردو خەتاکەیان خستە ملی ڕەهبەری ئەوان ( حەسەن نەسروڵڵا ) بەوەی کارێکی سەرکەشانە و سەربەخۆیانە و نامەسئولانەیان کردووە و پرسیان بە لوبنان و دەوڵەتە عەرەبییەکان نەکردووە و دەبێ خەتاکە بخەنە ئەستۆی خۆیان و باجەکەی بدەن .

ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتانی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەوان نایانەوێ شەڕی ئیسرائیل بکەن ، جگەلەوە حزبوڵڵا ڕێکخراوێکی چەکداری شیعەمەزەبی سەر بە ئێرانە و ئەوانیش قەبوڵیان نییە شیعە لە هیچ وڵاتێکی عەرەبدا دەستی هەبێت و خاوەنی بریار بێت و حوکم بکات و ڕازیش نین کەوانی شیعەی ئێران ـ عێراق ـ لوبنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست ببێت ، لەلایەکی تریشەوە بڕوایان وایە کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی برایی و جوگرافی و مێژوویی لە نێوان لوبنان و ئێراندا نییە هەتا پشتگیری لە چالاکیی سیاسی و سەربازی ڕێکخراوێکی سەر بەوان بکەن کە جەنگێکی ماڵوێرانکارانەی هێناوە بۆ لوبنان و بەهۆیەوە سەرتاپای وڵاتەکە وێران و کاول بووە و ژێرخانی ئابووری لوبنان تێکچووە و دەیان هەزار کەس لە شوێنی خۆیان هەڵکەنراون و ئاوارە بوون ، ئەمە جگە لە کوشتنی زیاتر لە 1000 کەس و برینداربوونی هەزاران کەسی ترو تێکچوونی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەیان هەزاری تر .....

بۆچی جەنگ لە دژی حزبوڵڵا و وێرانکردنی لوبنان ؟

حزبوڵڵا ڕێکخراوێکی چەکداری توندرەوی لوبنانییە و لەلایەن ئێرانەوە پڕمەشق و چەک دەکرێت ـ وەکوو ئێرانییەکان خۆیان دانی پیادا دەنێن ـ لە مێژەوە هەڕەشە لە ئەمەریکا و ئیسرائیل دەکات و شانبەشانی ڕێکخراوی حەماسی فەلەستینییەکان کە ئێستا حوکمیان لە دەستدایە ، دەیەوێ لە ڕێگای زەبروزەنگ و توندوتیژیی و بەکارهێنانی هێزەوە بگاتە ئەنجام لەگەڵ دوژمنەکانیاندا ـ ئەمەریکا و ئیسرائیل ـ و داواکانی خۆیان کەبەداواو خواستی نەتەوەی عەرەبیش لە قەڵەمی دەدەن بچەسپێنن . ئەمەریکا و ئیسرائیلیش پێیان وایە کە چەکدارەکانی ئەو دوو ڕێکخراوە ( حزبوڵڵا و حەماس ) کاری تیرۆریستانە ئەنجامدەدەن و دەچنە خانەی تیرۆریستانەوە و پێویستە چەکەکان لە خۆیان داماڵن و ببنە ڕێکخراوێکی سیاسی و شارستانی و بەشداری بکەن لە پرۆسەی دیموکراتی لەو وڵاتانەی لێی هەن . لەڕاستیدا هەتا ئەم دوو ڕێکخراوە زیاتر پێدابگرن ، هێندەی تر کارەکان ئاڵۆز دەبن و کۆسپ و ئاستەنگ و هەڕەشەکان ڕوویان

له زیادبوون دەبێت و کێشەکانیش پێشکەوتن و چارەسەرکردن بە خۆیانەوە نابینن . ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەم دو ڕێکخراوە و وڵاتانی عەرەب بە لیستی قازانج و زەرەری خۆیاندا بچنەوە و هەڵسەنگاندنێکی زانستی نوێی ساڵەکانی نێوان 1948 ـ 2006 بکەن و تێبگەن ئاخۆ ئەوان لە سەرکەوتنەکان و ژێرکەوتنەکاندا بەر چ لایەکیان کەوتوون ، ئیتر ئەوسا حوکمێک بەسەر خۆیاندا بدەن !!

ئامانج لە هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان هەڵتەکاندنی بارەگاکانی حزبوڵڵایە ، دەرپەڕاندنی ئەوانە لە خوارووی لوبنان هەتا دەگاتە سەر ڕوباری لیتانی کە زیاتر لە 20 کیلۆمەتر دوورە لە سنووری ئیسرائیل ـ لوبنان ، بۆئەوەی ئاگری گوللە تۆپ و کاتیۆشای ئەوان نەگاتە خاکی ئیسرائیل ( بە تایبەتی ناوچەکانی ژوروی ئیسرائیل ) ، ئینجا دوابەدوای ئەوە هێزێکی گەورەی نێو دەوڵەتی ، بەبریارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دابەش ببێت لە خوارووی لوبنان و بریاری 1559 جێبەجێ بکەن و حکومەتی لوبنان دەسەڵاتی هەبێت لە هەموو ناوچەیەکی لوبناندا و بە هاوکاری هێزی نێودەوڵەتی فرە ڕەگەز واقیعی ئەمرۆی لوبنان لە دەسەڵاتی دوو حکوومەتەوە بگۆرن بۆ دەسەڵاتی یەک حکومەت ، چونکە حزبوڵڵا خۆی حکومەتێک بوو لە ناو حکومەتێکی تردا .

ئەوەندەی هێرش و پەلامارەکەی ئیسرائیل پەیوەندی بە لوبنانەوە هەبێت ئەوەیە کە لوبنان لەدوای شەڕی ناوخۆ توانی زۆر بە خێرایی خۆی بینا بکاتەوە و گۆڕان و گەشەکردنێکی بەرچاو بە خۆیەوە ببینێ و ببێتە ناوەندێکی گەورەی گەشتوگوزار و لە هەموو شوێنێکی دنیاوە ڕووی تێبکەن، جگەلەوەی شوێنێکی گرنگیشی بۆ خۆی داگیرکردبوو سەبارەت بە سەرمایە و کاری دراو و بانکەکان ، هەروەها سەرمایەدارەکانی دنیا بە تایبەتی خەلیجییەکان ڕوویان دەکردە لوبنان بۆ کاری وەبەرهێنان . ئیسرائیل کە وڵاتێکی پیشەسازو گەشتوگوزارو دەوڵەمەندە لە ناوچەکەدا ، ئەم پێشکەوتنە خێرایەی لوبنانی پێخۆش نەبوو ، بۆیە بەم هێرشەی چەند ساڵێک لوبنانی گێرایەوە بۆ دواوە .

حزبوڵڵا کێیـــــــە ؟

ئەوانەی دەیانەوێ حزبوڵڵا بناسن و لەپەیوەندی توندوتۆڵ و فراوانی نێوان حزبوڵڵا و ئێران بگەن ، پێویستە لە چۆنێتی لەدایکبوون یاخود دروستبوونی ئەم ڕێکخرراوە بگەن .

حزبوڵڵا ساڵی 1984 لە مناڵدانی بزوتنەوەی ئەمەل هاتە دەرەوە کە ئەویش ڕێکخراوێکی شیعەی لوبنانییە و ڕێکخراوەکە بوو بە دوو کەرتەوە ،( یەکێکیان حزبوڵڵا و ئەوی تریان ئەمەل ) کە هەتا ئێستایش هەردولایان ماون ، هاتنە دەرەوەکە لەسەر دەستی سەفیری ئەوسای ئێران لە سوریا عەلی ئەکبەر موحتەشەمی بوو . حزبوڵڵا بەتەنها کوڕی تاقانەو شەرعی شۆڕشی ئێران نییە ، بە دیدی ئێران ئەو ڕێکخستنە پۆلا و بەکەڵک و شۆڕشگێڕەیە کە بە پشتگیری و هاوکاری ئەوان هاتۆتە دنیاوە و توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەری شیعە و ناشیعەی لوبنان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و ببێتە دەسەڵاتێکی گەورە لە ناو لوبناندا و نوێــنەریان هەبێ لە پەرلەمان و حکومەتی لوبناندا .

دروستکردنی کۆمارێکی ئیسلامی لەلوبنان خەونی حزبوڵڵا و ئێرانە کە ساڵی 1984 کۆمەڵێک لە قاڵبووەکان و سەرکردەکانی ڕێکخراوی ناوبراو دەستوورێکیان بۆ داڕشت .

حزبوڵڵا لەدوای ساڵەکانی شەڕ ، لە ڕفاندنی تەیارەو لێدانی سەفارەتی ئەمەریکا و سەربازگەی سەربازیی فەرەنسا گۆڕدرا بۆ دامەزراوەیەکی گەورەی وەکوو دەوڵەت کە خاوەنی هێزی سەربازی ، ئیستیخباراتی ، هەروەها دەزگای جۆراوجۆری وەکوو پەروەردە ، بازرگانی ، پەیوەندی دەرەوە ، تەندروستی بوو ، ئەمان نیمچە دەوڵەتێک بووون لە ناو دەوڵەتی لوبناندا .

پەیوەندییەکانی حزبوڵڵا بەئێرانەوە بە قۆناخی جیاجیادا تێپەڕی هەتا بوو بە پەیوەندی باوک و کوڕ بە تایبەتی دوای ونبوونی ئیمام موسا ئەلسەدر (1980) و کوشتنی عەباس ئەلموسەوی و خێزانەکەی (1992) لەلایەن ئیسرائیلەوە ، کە دوو سەرکردەی حزبوڵڵا بوون ، ئیتر ئەوکاتە حزبوڵڵا هەتیو مایەوە و بەدوای باوکێکی دڵسۆزدا دەگەران کە ئەویش حەسەن نەسروڵڵا بوو . پێش حەسەن نەسروڵڵا ئێرانییەکان داوایان

له محەمەد حسەین فەزلولڵا کرد کە ببێتە ڕێبەری حزبولڵا ، بەڵام ئەو قەبوڵی نەکرد چونکە خۆی بە یەکێک لە مەرجەعەکانی وەکوو ئەوەی نەجەف و قوم لە قەڵەم دەدا. بەڵام دەربارەی بودجەی ساڵانەی حزبولڵا کە لەلایەن ئێرانەوە بۆی تەرخان کراوە ، ئەوا خۆی نزیکدەخاتەوە لە 500 ملیۆن دۆلار .

ئێستا هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان پێی ناوەتە هەفتەی چوارەمەوە و کێشەیەکی نێودەوڵەتی لێکەوتۆتەوە و سەرنجی زلهێزەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە . هەموو ئەو وڵاتانەی پەیوەندییان بە کێشەکەوە هەیە لە هەوڵداندان بۆ ڕاگرتنی جەنگەکە ، هەرلایە بە پێی بەرژەوەندی خۆی پێشنیاردەکات بۆئەوەی دەقێک بدۆزێتەوە و ڕێککەوتنی لەسەربکەن . وڵاتانی سعودیە و میسر و ئەردەن داوای ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ دەکەن و ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە جەنگەکە ببێتە جەنگێکی ئیقلیمی و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە . پرۆژەی لوبنان بریتییە لە حەوت خاڵ ، لەناو ئەوانەش : ڕاگرتنی شەڕ ، گۆڕینەوەی دیلەکان ، گەڕانەوەی ئاوارەکانە . ڕوسیاو ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەوروپا داوای ڕاگرتنی شەڕ دەکەن ، دوابەدوای ئەوە دانوساندن و بەلاداخستنی کێشەکە . ئەمەریکا و بەریتانیاو ئیسرائیل بەدوای دەقێکدا دەگەڕێن کە بەرژەوەندی حزبولڵا و ئەجندەی ئێران و سوریای تێدانەبێت ، واتە جێبەجێکردنی بریاری 1559 و هێنانی هێزی نێودەوڵەتی شەڕکەر ( نەک چاودێر ) بۆ خوارووی لوبنان و دوورخستنەوەی حزبولڵا بۆ سنووری ڕوباری لیتانی ، ئەوسا دانوساندن دەستپێبکەن . ئەمان بڕوایان وایە ئەگەر چارەسەرەکان بە دانووستاندن دەستپێبکەن ئەوا شتەکان وەکوو خۆی لێدێتەوە و ئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە .

ئەمەریکاو ئیسرائیل دەزانن کە ئێران ، حزبولڵا بە باڵێکی ستراتیژی خۆی دەزانێت لە لوبنان و ناوچەکە و سوریاشی لەگەڵ خۆی ڕامالکردووە بۆ ململانێکە و دەیانەوێ ئەو باڵە بشکێنن یاخود بیبڕنەوە بۆئەوەی ڕۆڵی ئێران لە لوبنان نەمێنێ ، ئەم بۆچوونە بە پێچەوانەی بیروبۆچوونی هەندێک لە دەوڵەتانی ئەوروپاییە کە پێیان باشە ئێران و سوریاش بەشداری بکەن لە دانووساندنەکاندا ، بێگومان ئەمەریکاو ئیسرائیل بەمە ڕازی نین و نایانەوێ نەک هەر ئەمەو بەس بەڵکوو هیچ بریارێکیش لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەربچێت کە خێری ئێران ـ ســوریا ـ حزبولڵای تێدابێت . هەربۆیە ئیسرائیل لەلای خۆیەوە دەیەوێت درێژە بە جەنگەکە بدات بۆ ئەوەی مەرجەکانی خۆی بسەپێنێت .

ڕاستە ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی ئیسرائیلدا ( بە ددان پیانانی سەرانی ئیسرائیل خۆیان ) ئیسرائیل بەرەوڕووی شەڕێکی وەها سەخت دەبێتەوە کە زۆری خایاندو خەریکە درێژە دەکێشێت و لە چەند قوڵ و ناوچەیەکەوە ، شارو شارۆچکەکانیان دەکەونە بەر ئاگربارانی حزبولڵا ، ڕاستە ئەمە یەکەمجارە هەموو ئیسرائیل ( نەک سوپای بەرگری ئیسرائیل ) لەشەڕدان نەک دژی حزبولڵا ، بەڵکوو ئێران و سوریاش ، شەڕێک زیاتر لە شەڕەکانی ڕابوردوو خوێنیان بۆ داوە و حزبولڵا ش لەلای خۆیەوە نەفەسی درێژەو خۆی باش ڕاگرتووە و لە سوپاکانی جارانی عەرەب باشتر شەردەکات ، ڕاستەو ڕاستە .... بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ، چ شەڕەکەو چ ئاکامەکان لە بەرژەوەندی و قازانجی ئیسرائیلدایە و شکاو و دۆڕاو هەر حزبولڵا و ئێران و سوریایە ، چونکە ئەمەریکا ڕێگانادات ئیسرائیل بیدۆڕێنێ .

عارف کەریم ـ ستۆکهۆڵم